# دروستکردنی دیوار یا ڕووخانی حەساره کۆنەکان ؟

**ڕێبوار عارف**
fediraq@welho.com

هەفتەنامەی جەماوەر له ژماره 222 بەرواری ئایار 2007دا ڕاپۆرتێکی بەناونیشانی ((لەبەر ناکۆکی دیوارێك له نێوان دوو گەڕەکی قوشتەپە دروستکرا))بلاوکردوه. جێگەی خۆیەتی کەله پەرایزی ئەو ڕووداوەدا هەڵوێستەیەك بکەین وبزانین سەرهەڵدانی دیاریدەی لەم جۆره له کوردستان لەچی یەوه سەرچاوه دەگرێت و کامەیه ڕێگه چارەی واقعی ئەم جۆره کێشەو گیروگرفتانه ؟

سەرەتا بالێرەدا پێکەوه ئاوڕێك له کرۆکی ڕاپۆرتەکه بدەینەوه کەبەم شێوەیه: (( ماوەیەکه له گەڕەکی قوشتپه چەندجارێك شەڕو پێکادان لەنیوان گەنجانی "عەشرەتی مزورین" بەرپادەبێت کەگەڕەکیکیان بەجیزیەکان ناسراون وئەویتریشیان به (( شیڤی )). ڕاپۆرتەکه ئاماژه بەوه دەکات که گوایه ئەم شەڕو پیکادانەی که لەنێوان گەنجانی ئەم "عەشیرەته"دا بەرپادەبێت بەهۆی ئەوەوەیه که گەنجانی شیڤی به کۆمەل دەچنه گەڕەکی جیزیەکان و شەڕ به گەنجەکانیان دەگێڕن. بۆیه مەترسی ئەم شەڕانه بەهۆی بەکارهێنانی دارو بەردو تێلاو چەقۆو تەنانەت دەمانجەوه گەشتووەته ئاستانەی نزیك بوونەوه له مەرگ . بەلام چەندین جار دوابەدوای شەڕو پێکادانەکان له ڕێگەی پیاوانی ڕیش سپی عەشرەتەوه بەشێوەیەکی کاتی کۆتایی بەمەسەلەکان هێنراوه تا دواجار هەردوولا لەسەر ئەوه ڕێکدەکەون ئەگەر هاتوو جارێکی تر شەر له نێوان گەنجاندا ڕوویدایەوه ئەوا دیوارێك له نێوان پێنچ شەش گەڕەکی ئەم عەشیرەتەدا بەرزدەکرێتەوه. ئەم بڕیاره لەکاتێکدایه کەپۆلیس وقایمیقام وبەڕێوەبەری ناحیەوپارتی دیموکراتی کوردستان له نزیکەوه ئاگاداری ئەم شەڕو ڕووداوەن وئەوانیش موافقی ئەو ڕێکەوتنەی نێوان هەردوولای ئەم عەشیرەتەن. سەرئەنجام پاش چەندبارەبوونەوەی شەڕ لەمدوایانەدا دیواری نێوان ئەو گەڕەکانه دروستکرا )).

ئەمەی خوێنتانەوه ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکه بوو له پەیوەند به دروستکردنی دیواری نێوان گەڕەکانی پایتەخت. بەهەڵەدا نەچن باس له دروستکردنی دیواری گەڕەکانی پایتەختەکەی ئەولاناکەن کەچەند هەفته لەمەوبەر ڕوویدا . ئەوەی ئەویٚ بەهۆی شەڕی نیوان " شیعەو سوونه"وه بوو که زیاتر به شەری تایفی ومزهەبی ناسراوەو بەرهەمی داگیرکاری و بیٚ شیرازەی کۆمەڵگای ئەمڕۆی عیراقه. بەلام " لەخوا بەزیاد بیت ئیمه لەو بەلایەوه دوورین " بەرزکردنەوەی دیواری گەڕەکەکانی هەولێر بەهۆی نزم بوونی پایەکانی سەروەری یاساو ملدانه به سوڵحی عەشائیری له " کۆمەلگای مەدەنیدا" . گومانی تێدانیه له کوردستان چەمك و زاراوەی سەروەری یاسا یەکێك له ئاشناترین وناسراوترین دەستەواژەکانی سەر زاری ڕابەرانی حزبه دەسەلاتدارەکانی کوردستانه. بەلام دەبینین که تەنانەت خۆشیان هیچ بەهاو نرخێك بۆ یاساو ڕێساکانیان دانانین. ئەگینا دەکرێت له ولاتێکدا که ئەو هەموو هاوتوهاوارەی تێدا بەرپا کرێت لەپەیوەند به کۆمەلگای مەدەنی وسەروەری یاسا، کەچی دەبینین که چۆن ڕۆژ به ڕۆژ ڕێگه خۆشدەکرێت بۆ گەڕانەوەو پەرەپێدانی سوونەت وداب ونەریتێك که مەگەر له قوناغی دەرەبەگایەتیدا ئەو برەوەی ئەمڕۆی هەبووبێت. که دیاره ئەم دیاریدەیه بەتەنیا له بازنەی ناچەکانی دەسەلاتی پارتیدا نیه . ئەوه هەر پارتی وئیدارەی هەولێر نیه که له پەیوەند به چارەسەرکردنی کێشه کۆمەلایەتیەکاندا پەنا بۆ سولحی عەشائیری دەبەن و پێشنیاری پیاوماقولان و ڕیش سپیەکانی عەشیرەت پەسەند دەکەن. بەڵکو لەیادمانه که چۆن سالّی پار سەرۆك کۆماری عیراق، بەهەمان شێوه داوای ڕێکەوتنی سولحی عەشائیری دەکات بۆ تاوابارێك که مەهابادو خوشکەکەی تیرۆرکردوه . من دڵنیام که هەموو ئەو لایەن ونیهادو وئورگانانەی که له بریاری دروستکردنی ئەو دیوارەدا بەشداریانکردوه هیچ لاریەکیان لەوەنیه که بەلیٚ دەبێت یاسا سەروەربێت، بەلام دەبینین کەبەکردەوه یاساکەی دیوەخانی "سمائیل ئاغای تەلان" بەڕیوەدەبەن ولەباتی تاوتوێکردنی کێشەکانی گەنجان وچارەسەرکردنیان ، ڕیشی خۆیان دەدەن دەست پیاوماقولانی عەشرەتەوه.

بەوجۆرە ڕۆژێك كۆمەلێك ئاسایش دەنیرین كە بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشەیە دیوارێك لەنێوان چەند گەڕەكی شاردا دروست بكەن و ڕۆژێكی تریش كۆمەڵێكی تر دەنێرنەوە كە دیوارەكە بڕوخینن. ئیتر خۆ كەسێك نیە بپرسێت ئەریٚ بەڕێزینە كاتێك كەدیوار دروست دەكەن بۆ دەیڕوخێنن و كە دەیڕوخێنن بۆ دروستی دەكەن؟ كلاوی خۆتان بكەنە قازی ئایا ئەمە زیاتر لە هەرشتێك لە یاری مشك وپشیلە ناچێت، شارەوانی دیوار دروست دەكات وقایماقامیەتیش فەرمانی ڕووخانی دەدات. بەبیٚ ئەوەی كە نەدروستكردنی دیوارو نەدابران وجیاكردنەوەی خەڵكی گەڕەكەكان لەیەكترو نە ڕووخانی دواتری دیوارەكانیش وەلام بن بەچارەسەركردنی كێشەی گەنجان !

ئایا كێشەی گەنجانی ئەم چەند گەڕەكە لە كێشەكانی گەنجانی كوردستان جیاوازە ؟

جێگەی خۆیەتی ئەو پرسیارە بكەین كە ئاخۆ كێشەی ئەم بەشە لە گەنجانی شاری هەولێر دەبێت چی بێت ، وابەوشێوە تووڕەو یاخی وسەربزوو شەڕانین ؟ بەرلەهەرشتێك ئەوە بڵێین كە ڕەنگە لە نزیكەوە دەست وپەنجە نەرمكرد لەگەڵ ووردەكاری كێشەی گەنجانی ئەم چەند گەڕەكە بتوانی دەستی ئێمە ئاوەڵاتر بكات بۆ ناسین وئاشنابوون بە كێشە تایبەتیەكانیان و وەلامدانەوەیەكی پڕاوپڕتر پێیان. بەلام ئەگەر ئەوەبسەلمێنین كەئەمڕۆ كۆمەڵێك خاڵی هاوبەش ناوەندی كۆی گشت كێشەكانی گەنجانی كوردستانە، ئەوا ئەوكاتە ئاسانتر بەو ئەنجامە دەگەین كەكێشە سەرەكیەكانی ئەم بەشە لەگەنجانی شاری هەولێر لەبازنەی هەمان ئەو كێشانە دەرناچیت . كەواتە با پێكەوە ئاوڕێك لە كێشە سەرەكیەكانی گەنجانی ئەمڕۆی كوردستان بدەینەوە .

ڕەنگە زۆربەمان لەسەرئەوە هاوڕابین كە ئەمڕۆ كێشەكانی گەنجانی كوردستان پانتایەكی فراوانی سیاسی، كۆمەلایەتی، ئابوری، فەرهەنگی بە خۆیەوە داگیركردوە، كە بەشێكی سەرەكیان كێشەی ماف وئازادیە فەردی ومەدەنیەكان، كێشەی ئابوری، كێشەی بیّكاری، كیشەی فێركردن وبارهێنانیكی تەندروستیدار، كێشەی عشق وخۆشەویستی وپێكهێنانی خیزان،... لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا كۆمەڵێك داب نەریتی كۆنەپەرستانە ئەوەندەی تر گەنجان ڕووبەڕووی كارسات و تراژیای گەورەوگران كردوەتەوە !

بۆیە بەناچار بەشێكی زۆر لە گەنجان ڕووبەڕووی دووڕیانێكی پڕ مەترسی دەبنەوە. كە بەشێك لە گەنجان لەبەر نەبوونی ئەزموونی ژیان و بیٚ دەرامەتی وهەژاری دووچاری خەمۆكی وبیٚ هیوای ونائومیدبوون دەبن بە ژیان و بەناچار پەنا دەبن بۆ ڕێگەی خۆ لەبیر بردنەوەو مشروب خۆریەكی بەردەوام وتەنانەت بەكارهێنانی تلیاك وحەشیش وممارسەكردنی موادی مغدر لەهەڕەتی لاویەتیاندا بۆیە دەبینین كەمنین ژمارەی ئەو گەنجانەی كە لەم سالانەی دوایدا بۆ خۆ ڕزگاركردن لەو كێشانە یا پەنا بۆ خۆكوشتن دەبەن. یا ئەوەیە كە لەباشترین حاڵەتدا توێشووی سەفەرێكی سەخت لە كۆڵ دەنێن و بەرەو هەندەران مل دەنێن بەبیٚ ئەوەی كە تەنانەت هیچ تروسكەیەكی باشتریش لەو ڕێگەیەدا بەدی بكەن . بەلام ئەگەر تۆ پرسیار لە گەنجێك بكەیت كە ئایا بیرت لە كێشەكانی پاش ڕووكردنە هەندەران كردوەتەوە ؟ لەوەلامدا پێت دەڵێت بامن برۆم لەم جەهەنمە ڕزگارم بێت ئەوجا تووشی چی دەبم لەمەی ئێستەم خراپترنیە... بەدڵنیای گەنجانی ئەم چەند گەڕەكەی هەولێریش وەك بەشێك لە گەنجانی كوردستان بەهەمان شێوە ڕەنج دەبەن لە هەموو ئەو معانات و دژواریانەی ژیان پەنا بۆ ڕێگەیەك دەبەن كە ڕەنگە (( كوڕێنیكردن ))و تۆپزیكردن بەسەر گەنجانی گەڕەكانی ترەوە گۆشەیەك لەو بۆشایانەی ژیانی ڕۆژانەیان بۆ پڕبكاتەوە. بۆیە بەدڵنیای تائەوكاتەی كەدەسەلات لەباتی چارەسەركردنی واقعی كێشەكانی گەنجان وبەهرەمەندكردن لەماف وئازادیەكانیان وباشتركردنی ئاستی ژیان وگوزەرانیان، پەنابەرێت بۆ جیٚ بەجێكردنی داواكاری پیاوماقولانی عەشیرەت وسولحی عەشائیری نە ادعای كۆمەڵگای مەدنی مانای هەیەو نەباسێك لە سەروەری یاسا لەگاڵتەجاڕیەك زیاتر هیچ مانایەكی هەیە. هەربۆیە ئەگەر گەنجانی كوردستان دەیانەویت لە تراژیدیاكانی ژیانی رۆژانە رزگاریان بێت، ئەگەر دەیانەوێت لەوە زیاتر نەبنە قوربانی سیاسەتەكانی دەسەلاتێك كە جگە لە كارەسات ونەهامەت زیاتر شتیكی تری بۆ ژیانی لاوان بەدیاری نەهێناوە ئەوا تەنیا ڕیگە بۆ باشتركردنی ژیانیان ئاپورەكردنی شەقامەكان وهاتنە مەیدانیانە بۆ داكۆكی كردن لەماف

**وداخوازیەکانیان. هەقیقەت ئەوەیە گەنجانێك کەخوازیاری بنیادنانی ژیانێکی باشترن دەبێت جیگەو ڕێگەیەکی بالا بۆ خۆیان قایلبن لەجەرگەی گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگای کوردستاندا، بۆیە پێویستە بۆ ڕووخانی حەسارو کەلاوەکانی ئەمڕۆو مسۆگەرکردنی ئایندەیەکی باش وشایستە بەخەڵکی کوردستان دەبێت ووشیارانە هەنگاو بنێن بۆ تۆمارکردنی مێژوویەکی نۆیٚ و ژیانی نویٚ کە دوربێت لە هەرجۆرە ستەم و نابەرابەرییەك .**

**کۆتای ئایاری** 2007